**دەوحە: خانمی یەکەمی عێراق و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان داوا لە جیهان دەکات بۆ یەکگرتن لە پێناو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە کۆچکردن لە کۆنفرانسی قەتەر**

**خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد باس لە ئەزموونی خۆی دەکات وەک پەنابەرێک و داوای وەڵامدانەوەیەکی جیهانی دەکات بۆ پاراستنی خێزان و منداڵان لە کاتی قەیرانەکاندا.**

ڕێکخراوی منداڵپاریزی کوردستان - بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی

٥ تشرینی دووەم ٢٠٢٤

خانمی یەکەمی عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بەشداری کرد لە کۆنفرانسی ٣٠ یەمین ساڵیادی ساڵی جیهانی بۆ خێزان لە ڕێکەوتی ٢٩ بۆ٣١ تشرینی یەکەم لە دەوحەی پایەتختی قەتەر. لە کۆنفرانسەکەدا پابەندبوونی خۆی دووپاتکردەوە بۆ پشتگیریکردنی خێزانە کۆچبەرەکان و کۆمەڵگە هەژارەکان و هەروەها داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی گشتگیری کرد لەهەموو هاوبەشەکان لەجیهان وناوچەکەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کۆچکردن لە جیهاندا و دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕ و ناکۆکییەکان و گۆڕانکارییە مەترسیدارەکانی کەش و هەوا.

لە وتارەکەیدا، خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد کە لەمیانەی کارەکانیدا وەک خانمی یەکەمی عیراق لە هەمانکاتیشدا سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانە، تیشکی خستە سەر گرنگی بەشدارپێکردنی کۆمەڵگا زیانلێکەوتووەکان لە پەرەپێدان بە سیاسەتێک بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی دەنگیان دەگاتە شوێنی مەبەست بۆ داڕشتنەوەی گۆڕانکارییەکان، بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک بۆ سەرەتایەکی گرنگ و مانادار.

هەروەها خاتوو شاناز بانگەشە دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی گشتگیر بۆ دابینکردنی تەندروستی و  پەروەردە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەردەوامی بۆ خێزانەکان تا بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان بۆ هەمیشە، جەختی لەوەش کردەوە کە یاساکانی باری کەسی زۆر گرنگن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم خزمەتگووزارییانە بەردەست بێت بۆ کۆچبەران.

لەهەمانکاتیشدا خانمی یەکەمی عێراق  تیشکی خستە سەر گرنگی بەرنامەکانی شیاندنەوە و ڕاهێنان بۆ هاوکاریکردنی خێزانەکان تابتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ سیستەمە ناوخۆییەکان هەروەک ناو تۆمارکردن لە قوتابخانەکان و سەردانی کردنی پزیشکان لە کەرتە تەندروستییە گشتییەکان و دۆزینەوەی ئەو لایەنانەی کە دەتوانن پشتگیریان بکەن، هەروەها دۆزینەوەی سەنتەرەکان کە تایبەتن بە خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و نەوجەوانان. بانگەشە کردن بۆ هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ ڕێگری کردن لە ململانێکان کە دەبنە هۆی کۆچکردن بەشێک بوو لە وتارەکەی  و هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە چارەسەرکردنی ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکان زۆر گرنگە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی سەقامگیر و پڕ لە هیوا بۆ هەمووان.

دەقی داهاتوو بەشێکە لە وتارەکەی خانمی یەکەمی عێراق:

" من لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا ژیاوم وەک میسر، ئێران، سوریا، لوبنان و بەریتانیا. بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی سەخت بوو، بەتایبەت بۆ منداڵێک کە تێناگات بۆچی دەبێت زێد و وڵاتی خۆی جێبهێڵێت. لە ئێستادا تەمەنم زیاترە لە ٧٠ ساڵ و هێشتا چاوەڕێم بگەڕێمەوە بۆ یەکەم ماڵی خۆم کە بەجێمهێشتووە. بە جوانی بەبیرم دێ کاتی بەرەبەیان بوو وتیان دەبێت بەشێوەیەک بڕۆین لێرە کە کەس نەزانێت پێشتر لێرەبووین، هەربۆیە یەک یەک ڕۆیشتین و منیش بوکەڵەیەکم پێبوو دەمویست لەگەڵ خۆم بیبەم بەڵام وتیان کە نابێت هیچ شتێک هەڵبگرین، هەربۆیە منیش بوکەڵەکەم خستەوە سەر جێگاکەم. ئەوان بەڵێنیان پێدام کە دەگەڕێینەوە. ئەمە تەنها یەکێکە لە هەزارەها ئەزموونی تاڵ و ناخۆش کە خێزانەکانی عێراق لە میانەی سەختییەکان و ئاوارەبووندا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

هەروەک دوێنێ باسمکرد، هیچ تاکێکی عێراقی نییە کە لە تاراوگە بژی و بە بیرکردنەوە لە گۆرانی "يا نبعة الريحان حني على الولهان" لەخەو هەڵنەستێت.

وەک پەنابەرێک کە پشتیوانییەکی وەهای نەبوو، ناچاربووم شەش جار دەستبکەمەوە بە خوێندنی باڵا و فێری چەند زمانێک بم و لەگەڵ منداڵەکانم خۆمان بگونجێنین لەگەڵ چەندین کەلتوور و کۆمەڵگای جیاوازدا. منداڵەکانم ئێستا هاوڵاتی بەریتانین، بەڵام بەزمانی دایکی خۆمان گەورەبوون و میراتی نەتەوەکەم پاراست و دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەماندا گەڕاینەوە عێراق.  گواستنەوەی بەها و داب و نەریتەکان لە نێوان نەوەکاندا بەرپرسیارێتییەکە کە زۆربەی کات دەکەوێتە سەرشانی دایکەکان.

ئەمڕۆ زۆرێک لە وڵاتان سنوورەکان دادەخەن بۆ سنووردارکردنی کۆچکردن بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو ڕێگە بە کەسانی پیشەیی لێهاتوو دەدەن بۆ چوون بۆ وڵاتەکانیان کە ئەمەش زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە ناوچەکانی خۆیان. ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ گەڕان بەدوای داهاتوویەکی باشتردا، بەهۆی هۆکارە ئابوورییەکان یاخود لەو باوەڕەدان دەتوانین ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان فەراهەم بکەن لە شوێنێکی دیکە. ئەگەر هەموو بەیەکەوە کار بکەین تەنانەت هەوڵێکی بچووکیش بێت دەتوانین کاربکەین لە پێناو گۆڕینی ئەم بارودۆخانە بەرەو باشتر.




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : +٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org

## دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:

ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق

ژمارە تەلەفۆن : +٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠

وێبسایت: www.ksc-kcf.org

ئیمەیـــڵ: press@ksc-kcf.org